دەستەی گومرگی سیستەمی قوفڵی ئەلیکترۆنی لە بەندەری ناوەڕاستی ئوم قەسرەوە جێبەجێدەکات

ئەمە سێشەمە، دەستەی گشتی گومرگی دەستپێکردنی جێبەجێکردنی سیستەمی قوفڵی ئەلیکترۆنی بە بەدواداچوونی بارکردن لە بەندەری ناوەڕاستی ئوم قەسرەوە ڕاگەیاند.

لە ڕاگەیەندراوەکی دەستەی گشتی گومرگی کەدەستی موتەبع کوتووە، تەیدا هاتووە " دەستەی گشتی گومرگی ، لە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، دەستیکردووە بە جێبەجێکردنی سیستمی قوفڵی ئەلیکترۆنی بە بەدواداچوونی بارەکان، کە لە ناوەندی گومرگی ناوەڕاستی ئوم قەسرەوە دەستپێدەکات، بە هاوبەشی لەگەڵ دەستەی دەروازە سنووریەکان، لە 7ی تەمموزی 2025 دەستپێدەکات ، سیستمەکە لەخەدەگرێت کاڵا و دەرمان و پێداویستیە پزیشکییەکان کە دەخرێنە بازاڕەوە بە بەندەری وشک و گومرگی شالچییە."

هەروەها لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەیشکراوە ، "ئەم ڕەوشوێنە ئامانجی ئاسانکاری و پەرەپێدانی ڕەکارەکانی گومرگیە لەڕێگەی وەرگرتنی تەکنەلۆژیای بەدواداچوونی ئەلیکترۆنی (GPS)کە بەستراوەتەوە بە بازنەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەتەوە، کە لەڕێگەیەوە داتای کاڵاکان دەخرێنە سەر کمپیوتەری ناوەندی بەشی مانیفەستەکان لە سەنتەری گومرگی ناوەڕاستی ئوم قەسر ، هەموو پێداویستیە

تەکنیکی و کارگێڕییەکان بە پرسی بەبازاڕکردن تەواوکراون ، لای خۆیەوە، بەڕێوەبەری گشتیی دەستەی گشتی گومرگی، سامر قاسم داود، جەختی لەوە کردەوە کە "جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە هەنگاوێکی چێنایەتی گرنگە بە پەرەپێدانی سیستەمی گومرگی و بەرزکردنەوەی شوازە مەدەرنەکانی کۆنترۆڵکردن".

ڕوونیکردەوە کە "قوفەی ئێلیکترۆنی بەشدار دەبێت لە باشترکردنی کارایی، کەمکردنەوەی کاتی پرۆسەسکردن، بەرێنگاربوونەوەی قاچاخچێتی، و دەنیابوون لە کوالێتی بارکردنەکان و ڕێشتنی نەرم و ورد و پارەزراوی جوڵەکانیان".

ئاماژەی بەوەشکردووە، "ئەم هەنگاوە لەگەڵ دیدگای حکومەتدا دەگونجێت بە گەیینی دیجیتاڵی و مەدەرنکردنی ڕەکارەکانی کارکردن".

ڕوونیشی کردەوە کە "دەستەکە بەردەوامە لە جێبەجێکردنی بەرنامەی پەرەپێدانی گشتگیر بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە شێوەیەک کە کشوهەوای وەبەرهێنان بەرز بکاتەوە و ئابووری نیشتمانی بپارێزێت".